# میرزایێ بچووک

**ڤێرژنی مایکل مۆڕپوگۆی چیرۆکێک، کە زۆرترین جار وەرگێڕدراوە لە جیهاندا، خودان ڕوونییەکی بەرچاو و توانستێکی سۆزدارییانەیە.**

هەرچەندە واتای چیرۆکەکە نەگیربێ، کەمن ئەو چیرۆکانەی خۆیان لە قەرەی گەردوونیەتی بانگەشەکەی بدەن. لە ئەپریلی ۲۰۱۷، شازادە چکۆڵە بووە کتێبێ، کە زۆرترین جار وەرگێڕدراوە لە جیهاندا، بە لێدەرکردنی دەقە ئایینییەکان (کە خودان سەرەتاگەلێکی بەرچاون). ئێستا چیرۆکەکە بە ۳۰۰ زمان هەیە، ڕێژەیەك، کە ژمارەی ئەو وەرگێڕانانەش لە خۆناگرێ، کە لە زمانەکاندا هەیە. [بۆ نموونە] لە کۆریا، باس لەوە دەکرێ نزیکەی پەنجا چاپی جوداواز هەیە. تاکو ئەم دواییانە، ئینگلیز دەیتوانی بانگەشەی تەنیا شەش وەرگێڕان بکا. هەنووکە، مایکل مۆڕپورگۆ، وەستای چیرۆکبێژیی و وەرگێڕی تاقینەکراو، چاپی حەوتەمی خستووەتە بەردەست.

مۆڕپورگۆ لە پێشەکیدا دەڵێ: «داوات لێبکرێ یەکێک لە مەزنترین ئەو چیرۆکانەی، کە تائێستا نووسراون؛ وەربگێڕی، شەرەفێکە نەمدەتوانی ڕەتی بکەمەوە. ئەگەریش ڕاستگۆبم، وامدەزانی زانیارییەکانم لەبارەی زمانی فەرەنسیی لەحەقی دێ. دەی، من هەڵە بووم لەو بارەوە“

**نووسینی: سامویێل ئێرل**
**لە ئینگلیزییەوە: شاڵاو عەبدوڵڵا**

هەڵەکە ئاسانە بیکەی، تەنانەت گەر خاکەرایی مۆڕپورگۆ فیڵبکا. شازادە چکۆڵە بە پەخشانێکی دەستپێوەگر و سادە ناسراوە، لە کاتێکدا لە زانستگەکان دەخوێنرێ، لە سەرەتاکانی خوێندنگەی فەرەنسیی دەگوترێتەوە. سانت ئێگزوپێری لەنێو دەرزەنێک دەستنووسدا کاری کردووە، تاکو دوایین نیگار بخەملێنێ. لەڕووکەشدا، ژوورێکی بچووک دەهێڵێتەوە بۆ وەرگێڕکاران دەستوەردان بکەن و شایەنی پرسینە؛ ئایا بەڕاستی پێویستمان بەم هەموو وەرگێڕانە جوداوازانە هەیە؟ ئایا وەشانخانەکان تەنیا لە هەوڵی گیرفان ئاخنیندان (بابڵێین؛ لەڕێی خستنەسەرباری ناوی نووسەرێکی بەناودەنگ؟) وەلێ لە ئاستە قووڵەکانیدا، ناسراوە، کە شێوازی ئێگزوپێری سەختە لاسایی بکرێتەوە (لەبەری بگیرێتەوە)، بۆیەش وەرگێڕانێکی شایەن پتر لە فەرەنسیزانییەکی باشی گەرەکە. چاپەکەی مۆڕپورگۆ، بەدڵنیاییەوە ئەوە پێشنیاز دەکا، بەلەبەرچاوگرتنی هەندێ بڕیاری نامۆ، وەک چۆن لە کارەکانی [مۆڕپورگۆ] خۆیدا، ڕوونی و ڕاسترەویی هەیە، لەیەکچوونێک لەگەڵ جیهانی ئاژەڵان، گشتی لەڕێی هێزی سۆزدارییەوە جەختی لەسەرکراوەتەوە. ئەگەر جەنگ پتر ئامادەیی هەبێت لە چیرۆکەکەدا- ئەو جیهانەی، کە سانت ئێگزوپێری تێیدا نووسیویەتی، لەکۆتاییدا، تێمایەکیشە لەکاری مۆڕپورگۆدا- بەلایەنی زۆرەوە دەتوانی وێنای ئەوە بکەی مۆڕپورگۆ خۆی نووسیویەتی.

هەمدیس، وەک موڕپورگۆ سەرنجی دەدا، شتێکی گومان هەڵنەگری فەرەنسیانە هەیە لەبارەی شازادە بچکۆڵە، تەنانەت ئەگەر لە سەرلەبەری جیهانیش دەنگبدا. سانت ئێگزوپێری ترسی لەوە نییە پێشیاری خەمگینییەکی بۆماوەیی بکا لە جیهاندا، یاخود پەنجە بخاتە سەر بێواتایی ژیانی گەلێک لە خەڵک.

ڕێوی سکاڵا دەکا؛ «خەڵک هەرگیز کاتی ئەوەیان نییە لە شتێکی بە نرخ تێبگەن، وان هەموو شتێک بە ئامادەکراویی لە دووکانەکان دەکڕن. بۆیە خەڵک هاوڕێیان نییە، چونکە ناتوانن دۆستێ لە دووکانەکان بکڕن"

حیکمەتی چیرۆکەکە لەبارەی تەنیایی-لە شارگەلێ، کە قەرەباڵغن

لەخەڵک- لە جیهانێکدا، کە سەررێژە لە چێژە سروشتیەکان- وەک هەمیشە زایەڵەدار دەمێنێتەوە. وەرگێڕانەکەی مۆرپورگۆ ئەم «بۆ؟»یەمان بیردێنێتەوە.

**سەرنجی وەرگێڕ:**

لە زمانی کوردیی کرمانجی ناویین، چوار وەرگێڕانی هەیە؛ دووانی لە زمانی فارسیی و سوێدیی، دووانەکەی تر لە فەرەنسییەوە وەرگێڕدراون؛

١. شازادە چکۆڵە، ئانتوان دۆ سانت - ئێگزۆپێری، و: خەبات عارف و بەڕۆژ ئاکرەیی، دەزگەی ئاراس، ٢٠١٠.[٢]
٢. میرۆکە، ئەنتوان دو سانت ئێگزیوپێری، و: لیۆن کارین، ناوەندی ئەندێشە، ٢٠١٧.
٣. شازادە چکۆڵە، ئانتوان دۆ سانت-ئێگزۆپێری، و؛ سەلاحەدین بایەزیدی، ناوەندی غەزەلنووس (زنجیرە کتێبی لاوان٣)، ٢٠١٦.
٤. شازادە چکۆڵە، سەنت ئیگزۆبێری، وەرگێڕانی؛ ئاسۆ عەبدوڵڵا حەسەن زادە.

هەروەها لە زاراوەی کەڵهوڕیی؛ پەڕتووکی شازایە بوچگڵە، موحسین ئەمینی، زانکۆی کوردستان لە سنە، ٢٠٠٩.
لە کرمانجی ژووروو، دووانی هەیە و لە زمانی یەکەمەوە وەرگێڕدراون، لەلایەن فەواز حوسێن و سەلاحەدین بایەزیدی.

**سەرچاوە:**

https://www.theguardian.com/books/2018/sep/16/the-little-prince-antoine-de-saint-exupery-michael-morpurgo-new-translation